سەماحەتی حەکیم لەگەڵ نوجەفی بارودۆخی موسڵ و پاڵپشتی حکومەتی سوودانی تاوتوێ کرد



لەڕۆژی شەممە بەرواری 22-7-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز ئوسامە نوجەفی و شاندی یاوەری کەوت، لەم دیدارە بەچوونەکان سەبارەت بە پێشهاتی سیاسی عێراق و ناوچەکە و چۆنیەتی پاڵپشتکردنی حکومەت و بەقەرارکردنی سەقامگیری و جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومی و ڕیزبەندی خزمەتگوزارییەکان و دابین کردنی هەڵی کار، جەختیشی کردەوە لەسەر پارستنی سەقامگیری بە دەستپێکردن بە ئاوەدانکردنەوەی شارە ئازادکراوەکان بەتایبەتی شاری موسڵ ئەوەش بەرپرسیارێتی هەمووانە بە ئەوەی سەقامگیری بەردەوامی هەبێت و بە ئەوەی قەرەبووی ئەو خەڵکە بکرێتەوە کە دەخێکی سەخت و دژواریان لەووی ئەمنییەوە بەسەر بردبوو.

سەماحەتی گرنگی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی دووپات کردەوە و داوای کرد کابەری لەسەر بنەمای بەرنامەی خزمەتگوزاری بێت دوور لە کابەری و ململانێی سیاسی، ڕوونیشی کردەوە کە ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجومەنن بە خزمەتکردن، بەیەش دەبێت ئاستی کوتلە کابەرەکان لەسەر خزمەتگوزاری بێت و بەپێی بەرنامە و کات و ساتی دیاری کراو بێت.

لەووی ئەمنییەوە، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە چارەسەرە کەمەڵایەتییەکان بە ناوچە ئازاد کراوەکان گرنگی زۆری هەیە، ڕوونیشی کردەوە کە چارەسەری کەمەڵایەتی و نەهێشتنی دەمارگیری و چارەسەری ئابووری ئەوەیە داهات زیاد بکرێت و کەشوهەوای ئابووریش ئەکتیف بکرێت.